# ڕەش، ڕەنگی هەموو وەرزەکان

حەمە هاشم

دەتوانین ڕەش بە مردن و ماتەمینی و سیحر تێ بگەین، بە خراپی و تاریکییەوەی ببەستینەوە، دەشتوانین بە هێمای ڕەنگینی و سامان و خۆگرتن و دەسەڵاتیش لێکی بدەینەوە، وەک هەر ڕەنگێکی دیکە، هیچ یاسایەکی داسەپاو نییە کە پێوەندی بە ڕەشەوە هەبێت، هەندێک لە کولتوورەکان لە کاتی دوا ماڵئاوایی کردنیاندا ئەو ڕەنگە لەبەر دەکەن، هەندێکی دیکەش وەک ڕەنگی تۆکمەیی و زاڵ بوون ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، بۆ یاخیبووان و توندڕەوەکان ڕەنگی ڕاپەڕینە، بۆ فاشیستەکان ڕەنگێکی کلاسیکە کە هەرگیز لە ستایل دەرناچێت و ویقار دەبەخشێت، لە لایەکی دیکەوە هێمای نەریتگەراییە؛ ئەوەش دەزانین ڕەش دەسەڵات ڕەت دەکاتەوە.

ڕەش وەک یەکەم ڕەنگ کە هونەرمەندان لە پێش مێژووشدا بەکاریان هێناوە و یەکەم ڕەنگ کە چاپی کتێبی پێ کراوە، بۆیە ڕەش ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەسەندنی کولتووری باڵا و هونەر و ئەدەبدا هەبوو.

فایەق ڕەسووڵ هونەرمەندێکە دەمانخاتەوە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە ڕەش وەک ڕەنگی هەموو وەرزەکان ببینین، دەربڕینەکانی ڕەش وەک هێمای داگیرکاری و دەسەڵاتی ڕەها لە تابلۆکانیدا بۆ چیرۆکەکانی چاکە و خراپە دەمانگەڕێنێتەوە، خۆشی و ناخۆشی، شکست و سەرکەوتن، چیرۆکی سنوورەکانی نێوان مەرگ و ژیان، کە ئەمە بۆخۆی جۆرێک دەسەڵاتە کە دەتوانێت ئێمەی بینەر بخاتە پانتاییەکی تەواوی بیرکردنەوە، بیرکردنەوە لە میتاڕەنگ، پانتایی ڕامان لە بوونی خۆمان، بوونێک کە گومان بۆ ئێمە دروست دەکات کە ڕەشین، یان سپی؟ هێشتنەوەی ئێمە لەو ئاقارە گوماناوییەدا خۆی وەڵامی پرسیارگەلێکی زۆری وجوودمانە لە ژیان.

پرۆسێسکردنی ڕەنگ بۆ ماوەیەکی زۆر و هێشتنەوەی لەناو سپێتیدا سەرسامان دەکات، بەو پێیەی مێشکمان کاریگەری لەسەر تێگەیشتنمان هەیە، بۆیە تا ڕادەیەک دەتوانێت بەرەو وەهم بمانبات، نهێنی بینینی کارەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوەیە کاتێک سەیری تابلۆ ڕەش و سپییەکانی دەکەین چی لە مێشکدا ڕوودەدات؟ ئایا مێشکمان دەتوانێت ڕەش تێپەڕێنێت و قووڵیی ڕەنگەکانی دیکە لەخۆی کۆبکاتەوە، بەتایبەت ئەو پەڵە سوور، یان ڕەنگی دیکەی کەم کە لە ڕۆخی

چوارچێوەکانەوە پێشانمان دەدات.

سەلیقەی ئەم هونەرمەندە لەوەدایە کە بەباشی بابەتەکە دەگەیەنێتە نوێنەرایەتیکردنی ڕەنگی ڕەش بەپێی ماوەی کات و کاریگەرییە دەرەکییەکان، تەنانەت بارە دەروونی و سۆزدارییە ناوخۆییەکانی هونەرمەند کە چۆن هێزی خۆی دەسەپێنێت و ڕەش بە ڕەهایی ناهێڵێتەوە و دەیگۆڕێت.

هەندێک لە هونەرمەندان وەک نوستالیژیا، یان بیرکردنەوەیەکی سۆزدارانەی کۆن ڕەنگی ڕەشیان کردووە بە دەسەڵاتی هێزی هونەرەکەیان و لە سەرتاپای کارە هونەریەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و جێگەی هەموو ڕەنگێکی دیکەی پێ پڕ دەکەنەوە بەبێ ئەوەی ئێمەی بینەر لە کارە هونەرییەکانیاندا هەست بە بۆشاییەکی هەمەڕەنگ بکەین، ئەمە لە کارە هونەرییەکانی فایەق ڕەسووڵ ڕوونە، چونکە هیچ کاتێک خۆی لێ دوور نەخستووەتەوە و ئەو هەستەی تۆخ کردووەتەوە کە ڕەش لەسەر کانڤاسەکەدا دەسەڵاتی مەزنی هەیە، دەبینین ڕەش لە باشترین ئاستی خۆیدایە و لە کۆتاییدا سەرەتای لێ دروست دەکاتەوە، هەربۆیە ڕەش لە تابلۆکانیدا حوکمڕانی دەکات.

پییەر ئۆگست ڕینۆیر دەڵێت: "٤٠ ساڵە بۆم دەرکەوتووە کە شاژنی هەموو ڕەنگەکان ڕەش بووە"، بەڵام چی وا دەکات ڕەش بەسەر هەموو ڕەنگەکانی تردا حوکمڕانی بکات؟

ڕەش لە گەشەسەندنی هونەر و ئەدەبدا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو، ئەمڕۆ تەنانەت لە تابلۆکانی فایەق ڕەسووڵ دا ڕەشێکیش هەیە ئەوەندە ڕەشە کە تەماشاکردنی وا دەردەکەوێت کە سەیری بۆشاییەک دەکەیت.

زۆر لە هونەرمەندان ناتوانن توانایی تەواوی ڕەنگی ڕەش بەکاربهێنن، وەک چۆن (جوان ویتێک) ئەو هونەرمەندە ئەمریکییەی دانیشتووی نیویۆرکە، ڕەنگی ڕەشی بۆ ژیانی بەکارهێناوە و پاکییەکەی



لە زۆربەی کارە هونەرییەکانیدا دەرخستووە، لەسەر باکگراوندێکی کاڵ یاری بە کۆنتراستی توندی ڕەش دەکرد، دەیویست ئەوە دەرببڕێت کە چۆن ڕەش زیندوو دەبێتەوە کاتێک لەگەڵ ڕەنگی سووکتردا تێکەڵ دەکرێت، کارەکانی هونەرمەند فایەق ڕەسووڵ بەرەو هەمان هەستمان دەباتەوە.

لە ڕووی زانستییەوە ڕەنگی ڕەش نەبوونی ڕووناکییە، جێگەی لەسەر سپێکتریمی ڕەنگەکانی دیکە نییە، بەدرێژایی سەدەکان، ڕەش نوێنەرایەتی نهێنی و ترس و ڕەنگینی و سیحری تاریک و مردنی کردووە، لە خاڵە تایبەتەکانی مێژوودا دەتوانین بڵێین ڕەنگێکی بەهێز و ڕێزلێگیراوە.

ناونانی ڕەنگی ڕەشی کلاسیکی بە (خراپ) و ڕەنگی سپی وەک (باشە) لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بێت، یان پرسیار دروست بکات، لە سەدەی دوازدەهەمدا پیاوانی ئایینی عەبای ڕەشیان لەبەر دەکرد، ئەمە وەک هێمای خۆنەویستی و سەبر لە بەرانبەر هەندێکدا، بۆ گوزارشتی بێتاوانی و پاکی، جلوبەرگی سپییان لەبەردا بوو.

زۆر لە تابلۆکانی سەدەی ناوەڕاست جنۆکە و شەیتانەکانیان وەک ڕەش وێنا کردووە، بە پێچەوانەی فریشتە و پیرۆزەکانی ڕەنگی زیندوو.

لە سەدەی ١٤دا تێڕوانین بۆ ڕەش وەک ڕەنگێکی گوناهبار دەستی پێکرد، بۆیەی ڕەشی کوالیتی بەرز و ڕێساکانی جلوبەرگ کە پۆشینی ڕەنگی

تایبەتیان لە دەسەڵاتداران قەدەغە دەکرد، بووە هۆی ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە، لەناکاو ڕەش بوو بە نیشانەی گرنگی و کەرامەت و دەسەڵات، پاشاکان لە هەموو ئەورووپا، لە لویسی یەکەمەوە لە فەڕەنسا تا شا ڕیچاردی دووەم لە ئینگلتەرا تا چارڵی پێنجەمی ئیسپانیا، دەستیان بە لەبەرکردنی قوماشی ڕەشی گرانبەها کرد، تا کۆتایی سەدەی ١٦ ڕەش ڕەنگێکی جەوهەریی بنەماڵە شاهانەییەکان و باڵاکان بوو.

لە هەمان کاتدا هونەرمەندان لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا تەکنیکێکیان پەرەپێ دا کە پێی دەوترێت "نیگارکێشانی ڕەنگ داماڵین"، بەتایبەتی لە چین و ژاپۆن، ڕەنگ داماڵین جۆرێکە لە بۆیەکردن بە فڵچە، بە بەکارهێنانی تەنیا ڕەنگی ڕەش بە چڕییەکی جیاواز، تەواوی دیمەنەکان تەنیا بە بەکارهێنانی ڕەش وێنا دەکران، یەکێک لە وەستا و هونەرمەندە گەورەکانی ئەم تەکنیکە (سێشو تۆیۆ) بوو، کە نیگارکێشێکی ژاپۆنی بوو، لێهاتووییەکەی جێگەی ستایشە لە بەرهەمەکانیدا.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمیشدا، ئیمپرێشنیستەکان بە دوورکەوتنەوە لە ڕەش بەناوبانگ بوون بەهۆی چەندان هۆکارەوە کە پێیان وابوو ڕەشی ڕاستەقینە بەزەحمەت لە سروشتدا بوونی هەیە، هەروەها زۆری دانانی ڕەنگەکانیان پێ باشتر بوو لە گۆڕینی سێبەر لەسەر کانڤاسەکانیان.

ڕاستییەکەی لە سەدەی بیستەمدا هونەرمەندان هیچ ترسێکیان لەم ڕەنگە گرنگەی هونەردا نەبووە. فرانک ستێلا، کە یەکێکە لە کاریگەرترین هونەرمەندەکانی مینیمالیستی و ئەبستراکشنی ئەمریکی، زنجیرەیەک تابلۆی تاکڕەنگی بە ناوی تابلۆی ڕەش (١٩٥٨-١٩٦٠) دروست کرد، ئەو سەبارەت بەو زنجیرە تابلۆیانەی دەڵێ: "ئەوەی دەیبینیت ئەوەیە کە دەیبینیت"، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە نە چەمکە ڕەشەکان و نە چەمکە



ئەبستراکتەکانی پێویستیان بە وردبوونەوە نییە، ئاد ڕینهارت، نیگارکێشێکی دیکەی ئایکۆنی ئەمریکی ئەبستراکت، لە ساڵی ١٩٦٣ تابلۆیەکی ئەبستراکتی نمایش کرد کە لە یەکەم نیگادا جگە لە چوارگۆشەیەکی ڕەش هیچی تر نەبوو، بەڵام لە بینینی بە تەرکیز و پشکنینی وردتردا، ژێر ڕەنگی جیاوازی لەخۆگرتبوو کە بەسەر تۆڕێکدا دابەش کرابوو سێ چوارگۆشەی تێدابوو، هەر کۆمەڵە چوارگۆشەیەک بە وەشانی جیاوازی ڕەش ڕەنگ کرابوو.

ئەوەی لە تابلۆکانی هونەرمەند فایەق ڕەسووڵ دەرکی پێ دەکەین ئەوەیە دوو ڕەنگی ڕەش هەیە "ڕەشێک هەیە کۆن و ڕەشێک هەیە تازەیە، ڕەشی بریقەدار و ڕەشی مات، ڕەش لە تیشکی خۆر و ڕەش لە سێبەردا".

هەموو ئەم ڕەشییانەش لە ناو فەزای سپێتیدا وەک باڵا دەستی و سەرکەوتن و هێز گوزارشت دەکەن و فۆرمی جیاجیای ئیستێتیکی دەخەنەوە بەردیدەی بینەر، هەڵسەنگاندن و بەهای ئیستێتیکیش بۆ ڕەش و سپی لە کاری هونەریدا بینەری بە سەلیقە و خاوەن بیرکردنەوەی باڵای دەوێت، تا لە پێوەندییەکانی تەکنیک و فۆرمی کارەکان تێ بگات و چێژیان لێ ببینێت.